# شارێکی بێ پیاو،قه ره‌جێکی سه‌ر ره‌ش

**شۆرش محه‌مه‌د عه‌لی**

هه موو سالێ له و شه وه دا
به یادی سمێڵی ئه نفالکراو
جگه ره یه کی ته مه نم ‥ له سیپه کانم داده گیرسێنم

له و شه وه دا
له نێو چیغێکی کورده واری
منیان له تۆ گرێدا‥
من و تۆ
له و شه وه‥ وه ک دوو ماری ئاشق و ماشق
تێک ئالآین
له و شه وه
به به رچاوی ئه ستێره کان
به ماچ و مورچه وه گه وزماندا
به شاهیدی ئه وان
هێنده لێک نزیک بوینه وه
موو‥ به نێوانمانه وه نه ده چوو !!

کاتێ‥ گورگه هاره کان
به هاوکاری به رازه خه سیوه کان
له و شه وه دا
په لاماری شاریان دا
درزێک که وته نێوانمان
هه ستم به لێکترازانێک کرد ‥‥
له و درزه وه
له درزی چیغه که وه
کلآو ره شه که ی سه رۆک جاشێکم بینی
وه ک جورجه کوێر
گۆڕ هه ڵکه نه
خۆی له ژێر جامانه که ی حه شاردابوو

ده هاتوو ده چوو٠٠
په نجه كانيم به هه واوه بيني
وه ک رادار
ماری شاخدار
ژه هری به سه ر سمێڵه كاندا
ده باران٠٠٠
له و شه وه دا
له كه لێنی چيغه كه وه
چرنوكی گورگه هاره كانم بيني
چۆن سمێڵی پياوانی شاريان
يه ک يه ک ده چنی
وه ک په نيره گشته لوليان ده دا
ده يانكرده ٠٠٠ توره گه ی ژه هری ماره وه
نێو قه فه زی ئه نفاله وه !!
ئه و ژنه ی بۆنی سمێڵی پياويشی لێهاتبا
هه ر له و شه وه دا
به نێزه سكيان هه ڵده دڕی
نه بادا
له نێو بوخچه ی منداڵدانيدا
منداڵێكی سمێڵداری تێدابا !!
هه ر له و شه وه دا
به به رچاوی مێرده كه م و
شه رواڵ به كۆڵه خه سيوه كان
ئه تككرام٠٠٠
دوای دامركانی هه وه سی گورگه كان
له گه ڵ ته قينی كانيله ی رۆحی منو
حيت و هۆڕی به رازه مۆنه كان
مێرده كه ميان رفاند
چيغه كه شيان به سه ر مندا رمان ٠٠٠٠٠

*****

له و ساته وه ٠٠٠ منی ژنی مێرد ئه نفالكراو له موزايه ده دام ٠٠٠له قه يسه ريه كۆنه كانی ئايين ٠٠٠ له بازاره رزيوه كانی خوونه رێت ٠٠ له شه قامــه ته پيوه كانی كۆمه ڵگا ٠٠ بووم به كاڵا٠٠ نرخم نزمه و نرخم باڵا ٠٠٠ تا به پاكييزه ييش

بمێنمه وه ·· له سه ر بریاری ( ئایین ) بۆم نییه له خه ویشـــــا خه ون به سمێڵی پیاوه وه ببینم ··· بۆم نییه شه وانه له سه ر سک بخه وم ····ده بێ وه ک کرم خۆم گرمۆڵه که م و ده ستم باوێمه نێو لینگمه وه ···· نه بادا ، نه خوازه ڵڵا گه رماییه ک دزه بکاو له پاکیزه ییم بشۆرێم ·· ته مه ن ده رواو من شه وه کان ده ژمێرم··· ئه و کۆرپه یه ی له و شه وه دا هاته گیانم و بووین به دوو ح گیان ، له گه ڵ زیادبوونی ته له سپیه کانی قژم له زیاد بوون و گه وره بووندایه ···چوار ساڵه که به فتوای کۆلکه مه لاو داوای (فه قێیانه ی خوونه رێت ) ده بێ به حه وت ··· له گه ڵ دابه زینی ئه ستێره کان و شکاندنی کۆت و زنجیری زیندانه کان و هه ڵکه ندنی گۆره به کۆمه ڵه کان ··· حه وته که ش بوو به چاوه ڕوانی ··· من تا ئێستاش له چاوه روانیدام و باش ده زانم تا ده مریشم هه ر ده بێ له چاوه روانی دابم ·· ئـــــــــــــای چاوه روانی !!!!!

له پاداشتی چاوه روانی من ·· پاداشتی کوڕم ·· پاداشتی زیندان و ده ربه ده ری بوو ـــ بۆیه به م شێوه له من و خاک و خۆشه ویستی ده دوێ ____:····

دایکم له وه تا هه یه حه ی ئه ڵڵای ده کا
ئه ڵڵا ئه ڵڵا ·· ئه ڵڵا ئه ڵڵا
ته زبیحێکی سه د مه تری و
ده نکێ به ختی له ده ست دایه
له هه نگاوه کیسڵیه کانی رۆژانه ی
چاوی له ده ستو مه چه کی خوایه !!
ده خوا ··· ئه ڵڵا
ده که وێ ئه ڵڵا
ده روا ئه ڵڵا
ده خه وێ ئه ڵڵا ····
تا ئێستا خواشی به ره ش و سپی نه بینیوه !
ئای که به سته زمانه دایکم !!
*****

منیش له وه تا هه م
به ده م ( ئازادی ·· خاک ·· خۆشه ویستی ) کاوێژ ده که م··

**به ر  له  هاتنی  میلیشیاکان**
**بستێ  خاکم   هه بوو   پێیان  ده گووت  زیندان**
**له  ژێر  بنمیچی  کورته بالاَ و  په نجه ره ی  بچووکی  ئه وێ**
**خه یالَ  پلاَوی  ئازادی بووم**
**له وێ  رۆژانه  ٠٠ ئاشقانه  ژوانیم  له گه لَ  جه لادو بای  قامچی  ده به ست**
**له وێ  فێربووم  چۆن**
**خاک و  مرۆو  خۆشه ویسته که م  خۆش بوێ**
**ئه ز له وێ  پێشمه رگه بووم  و   به  زیندانی  بانگ  ده کرام !!**
**که میلیشیاکان  ده رگای  زیندانه کانیان  شکاند**
**هه موو  شتێکی  جوانیان ئه نفال  کرد٠٠  رفاند!!**
**شه هیده کانیان  شه هید  کرده وه**
**تا  ئه نگوستیله ی  ده ست و  نامه  پێچراوه کانی سه ر  سینگیان  بدزن**
**نه بادا  نهێنیه کیان   حه شاردابێ  و پێی  سه ر شۆڕ بن !!**
**که  منیشیان  ئازاد  کرد**
**ویستیان  قه لاَی  مێشکم  داگیر  بکه ن**
**خۆم  به رده ست   نه داو  سنوری  وولاَتم  به زاند٠٠**
**ئێستا له  ئه وروپا  قه ره جێکی  سه ر  ره ش  و  سوێسنێکی  بێ  خاکم**
**له  کوێ  ره شمالَی  دلَم   هه لَده م**
**ئه وێ  خاکمه !!**
**له  کوێ  تفه نگ  و  میلیشیای  لێ  نه بێ**
**له وێ  ئازادم !!**
**چ  پێست  ره نگێ ٠٠٠ چ   نه ژادێ  خۆشی  بوێم**
**خۆشم  ده وێ !!**

---

یه که م  رۆژی  نه ورۆزی ٢٧٠٧ ی  کوردی
Bo berz ragrtny  enfal  le  koréka  le ( holenda)  xwéndrawetewe………